# لە بێهوودەییەوە ئومێدم لێ دەڕژێ

**بۆتان جەلال**

به قەبارەی مشتێک سەراب
پەنجەکانم دەکەونە ژێر پێی خوداوەندی بەردە کوێرەکانتان
بە قەد پارچەیەک هەوری قرمزی
دڵم دەبێتە گۆڕەپانی ناشتنی خەونە نەزۆکەکانتان
ئەی خوداوەندی بێ بەزەیی
ئەی شەرابی ترش و میوەجاتی پاش خەونێکی قووڵ
چیتر لە بەژن و باڵای خەونەکانی من
سێبەرێ بۆ دەستڕەنگینیی بێهوودەییەکانتان مەڵاس
مەدەن
من تێر بووم لە لاساری و
بێدادوەری و
ژیانی پڕ لە چۆڵی و بێهوودەیی و شەهەواتی ئێوە
من نائومێد لە ڕەنگکردنی دیوارەکانی سێبەری خۆم
هیوام بە لەدایکبوونی مێرووولەیەکی هەتیو گەورە دەبێ
هاتم ڕەنگ ببەخشمەوە سیماکانتان
هاتم ئومێد بدەم بە جووڵە بێ باکەکانی ئومێدتان
هاتم بۆ ئەوەی ئێوە شاد بکەم
هاتم و کەوتمە نێو بازنەیەکی ئاگر
ئاگرێکی بێ سنوور و بێ گفتوگۆ و بێ ڕەنگ و بۆ
هاتم جلوبەرگی منداڵەکانتان سپی بکەمەوە
لەگەڵ نەورەسەکان بەسەر دەریا بسووڕێمەوە
لە ئاسمانەوە کە دیتم خەونی ئێوەیە وا دەسووتێ
لەگەڵ نەورەسەکان بەرەو ئاسمانێکی دیکەی بڵندتر
فڕیمەوە
من چاوەکانم لە تاریکی ئەشکەوتەکانەوە لە دایکبوون
ڕۆژگار بوو دڵی ماندوو کردم
ئەگینا چاوەکانم لە دڵم ئازاتر دەبوون و
هەرگیز بۆ تینی ئاگریش کڕنۆشیان نەدەبرد
من لە گومانی قووڵایی ڕووبارێ وشیار بوومەتەوە
بۆیە هەمیشە بە یەقینەوە دەڕوانمە دڵۆپە شەونمەکان
بە یەقینەوە لەگەڵ تاشەبەرد و
تریفەی مانگ و ورشەی ئەستێرەکان دەئاخفتم



لە مردنی وەرزەکانەوە فێربووم
گیا و پەلکەکانی، شین بۆ دەگێڕن
لە گریانی درەختەوە زانیومە
کەنار و ڕووبار و دەریا و ئۆقیانووسەکان
بە گەورەیی خۆیانەوە بۆ دەرژێنەوە وردە جۆگەلان.
من ڕاهاتووم درووود بۆ ئەشکەوت بنێرم
ئێوەش بۆ کۆشک و تەلارەکانتان
من نزا بۆ خودا و ئەستێرەکانی
ئێوە بۆ زێڕ و گەوهەر و کانە نەوتەکانتان
من کڕنۆش بۆ خوێنی شەهیدێکی وڵات بەم
ئێوە کڕنۆش بۆ گەورەیەکی بێ باکی ئەو ڕۆژئاوایە
من یەکەم هەنگاوم لە بەرد بوو
دوا هەنگاو لە ئاو
یەکەم هەناسەم لە دەرخت وەرگرت
دوا هەناسەم لە هەتاو
من لە –با– ڕەنگی تۆم نەخشکرد
لە گوڵە ئاوییەکانیش قەد و باڵات
لە هەر کوێیەک ڕووناکی ببینم
جەستەی شوێن لەوێیە
لە هەر کوێیەک بۆنی درک و خاشاک بکەم
ئەسپە شێیەکانی کات لەوێوە دەفڕن
لە دێیەک ونبووم
بە قەد شارێک گەورە
لە شارێ ورووژاوم
بە قەد گوندێکی بچووک
بچووکی و گەورەیی لە ژیانمدا
سێ گۆشەیەکن پڕ لە حەسرەت و ئەزموون
بێتاقەتیم دەکەمە بەردێک و فڕێی دەدەمە ناو گۆم
بێهوودەیم درەختێکی وشکهەڵاتووە
لە بەهار لە ناو باخێکدا جێمهێشت
ژاوەژاوەکانی دڵم
دەکەمە کۆلارەیەک و بەسەر هێمنی شاردا هەڵیدەدەم
نابینایم دەکەمە چەپکێک گوڵی ئاڵ و
دەیخەمە نێو قژی کچە گەرمیانییەکی ئەنفالکراو
نیشتمانی من لە ئەستێرەیەکی دوور دەچێ
لەبەر چاوان بچووک و
لە ناو دڵان گەورە
ئەی نیشتمان
پشتت بکە – با – و ڕووبکەرە – خۆر –
نیشتمانێک تەمەنی پڕ لە – با – و – خۆر – بێت
هەمیشە بارانی خوێنی لێ دێتە خوار
لە نێوان هەورە بەیەکداچووەکانی زەمەنی دێرین و
برووسکە پڕ لە تریسکە نەمرەکانی ئەمڕۆ
پردێک لە فرمێسک دادەڕێژم
گوناهە بە بێ بڕواییمەوە لە شەبەنگی خۆرهەڵات
گوناهـ یەکێک نەناسێ
جورئەتی مەلەکردنی نابێ لە جۆگەلە لیخنەکان
دەرگایەک لەسەر زەوی دەکەمەوە و
پڕی دەکەم لە ئاگری خۆشنوودی
پەنجەرەیەک ڕوو لە – با –ی گومان و
چرایەکیش هێدی هێدی
تاریکی ژووری بێ ئارامیم ڕۆشن بکات
ئەی ئاگری بارگەکراو لە کیمیا
یەقین بەدیار تۆوە لە دێرزەمانەوە لەسەر چۆکەو
کڕنووش دەبات
هیچ دەرگایەک –با–ی یەقین نایگرێتەوە
تا ئاسمان پڕ نەبێ لە هەوای گومان
لێرە کێڵگەیەک بۆ بەختەوەریم شنەبا دەکەم
تۆوی مراز بە ئارەزوو و خولیای سەوزبوون دەچێنم
من خۆم تەلبەندکراوم بە خۆم
چۆن دەتوانم ئاسۆ بە ڕووی تۆدا واڵا بکەم
ئەی نیشتمان
ئەی نیشتمانی لە دێرزەمانەوە ون..!

**٢٠١٥/١٢/١**

**هەولێر**